حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان
دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

# پوختەی هەڵسەنگاندنی بازاری کارو شیکردنەوەی کارامەییەکان 2017

نیسانی 2019


دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

ناونیشانی سایتی ئەلکترونی: www.krso.gov.krd

لاپەرەی فەرمی: contact@krso.gov.krd

تەلەفۆن: 0964 (0)750 896 31 43
0964 (0)66 255 91 70

# پوختەی ئەنجامە سەرەکییەکان

**هەڵسەنگاندنی بازاری کارو شیکردنەوەی کارامەییەکان**

هەڵسەنگاندنی بازاری کار و شیکردنەوەی کارامەییەکان بریتییە لە زنجیرەیەکی هەشت راپۆرتی لەبارەی ئەو کەرتە ئابورییە سەرەکییانەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەستنیشان کراون، کە لە لایەن یونسکۆ ئامادەکراوە لەژێر چاودێریی یەکێتی ئەوروپا کە پرۆگرامی چاکسازی لە فێرکردن و راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی پارەدار کردووە، بەهاوبەشی لەگەڵ حکومەتەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان. مەبەست لەو راپۆرتانە بریتییە لە ئاگادارکردنەوەی بڕیاربەدەستەکان و ئەوانەی فێرکردن و راهێنان دابین دەکەن سەبارەت بە پرسەکانی خستنەڕوو و داواکاری لە کەرتە پێشینەییەکانی ئابوری بۆ پەرەپێدانی باشتری راهێنان و دەرفەت بۆ خەڵك (بەتایبەتی ئافرەتان و لاوان) بۆ چوونە نێو بازاری کار و بەشداریکردن لە چالاکیی ئابوریی فەرمی و نافەرمی. توێژینەوە و چالاکییەکانی کۆکردنەوەی داتا لە ساڵی 2017 و لە لایەن دەزگای ناوەندیی ئاماری بەغدا و دەستەی ئاماری هەرێم جێبەجێ کراون و لە ساڵی 2018 ئامادەکردنی راپۆرتەکان کۆتاییان پێهاتووە.

توێژینەوە نووسینگەییەکان سەبارەت بە هەر کەرتێك پشتیان بەستووە بەو دۆکیومێنت و ئامارانەی بۆ خەڵك بەردەست بوونە؛ هەروەها لەگەڵ ئەو دۆکیومێنت و راپۆرتانەی کە لە لایەن وەزارەتەکان، دەزگا و رێکخراوە پەیوەندیدارەکانەوە پێشکەش کراون. لێکۆڵینەوە سەبارەت بە دابینکردنی کارامەییەکان بۆ هەر کەرتێك پشت بە داتاکانی وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و هەروەها وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەبەستێت. هەموو هەوڵێك بۆ کەمکردنەوەی کێشەکانی تەواوبوون، یەکسانی و ئاڵوگۆڕی داتا بەردەستەکان تەرخانکراوە.

داتای جۆری بۆ ئەم راپۆرتانە لە رێگەی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەت و نوێنەرانی دەستە پیشەگەرەکانەوە کۆکراونەتەوە؛ لە ماوەی دوو رۆژ لە گفتوگۆکردن لەگەڵ هەشت لە ئەنجومەنەکانی کەرتی ئەزمونگەری کە بۆ پێشکەشکردنی تێڕوانینی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت پێکهێنراون سەبارەت بە ئاڵنگارییەکان و دەرفەتەکانی هەر کەرتێك. لەرێگەی دەزگای ناوەندی ئامار و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان رووپێوێك بۆ کۆمپانیاکان لە هەر کەرتێکدا (جگە لە کەرتی نافەرمی) لە هەشت پارێزگای عێراق و هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە.




**کەرتی کشتوکاڵ**

زۆربەی کێڵگەکان لە عێراق بریتین لە کێڵگەی بچووکی خێزانیی تێکەڵ و زۆربەی کارەکان بۆ کرێکاری کارامە و نیمچە کارامەن. زۆربەی پیشە باڵاکان لە نموونەی رووپێوی 2017 بۆ کرێکارانی بواری سامانی ئاژەڵ بوو. بەپێچەوانەشەوە، زۆربەی راهێنانە کشتوکاڵییە بەردەستەکان لە خوێندنی باڵایە (بۆ ئاستە تەکنیکی و پیشەگەرەکان)، و زۆربەشیان لە چاندنی دانەوێڵە پسپۆڕن و زیاتریش لە رووی تیۆرییەوە شارەزان نەك لە رووی کردارییەوە.

نەریت وایە کە پەرەپێدانی کارامەییەکانی خێزانە جوتیارە بچووکەکان بواری کاری وەزارەتی کشتوکاڵ بێت، لە دەرەوەی سیستەمی فێرکردن

و ڕاهێنان. لەم ساڵانەی دواییدا بڕە پارەی تەواو بۆ خزمەتگوزارییەکانی ڕێنماییکردن و ڕاهێنانی جوتیاران بەردەست نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا وەزارەتی کشتوکاڵ ژمارەیەکی زۆر دامودەزگای ڕاهێنانی هەیە کە وەکو پێویست سوودیان لێ وەرنەگیراوە.

وەزارەتی پەروەردە ڕاهێنان بە ژمارەیەکی بچووك لە فێرخوازە لاوەکان دەکات لەسەر کارە کشتوکاڵییە بنچینەیی و نیمچە کارامە و کارامەکان لە قوتابخانەکانی ئامادەیی کشتوکاڵیدا. وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕاهێنان لەسەر ئاستە تەکنیکی و پیشەگەرییەکان پێشکەشدەکات، بەتایبەت بۆ کارەکانی کەرتی گشتی. وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیش تەنیا ڕاهێنان بۆ بێکارە تۆمارکراوەکان دەستەبەر دەکات تا ئاستی کارامەیی، و ڕاهێنان بۆ کشتوکاڵ پێشکەش ناکات.

هیچ وەزارەتێك ڕاهێنانێکی فەرمیی بڕوانامەدار پێشکەش بە فێرخوازانی گەورە ناکات ئەوانەی کە نەیانتوانیوە بچنە پەیمانگا یان کۆلێژەکان، زۆرتر لەبەر ئەوەی کە ئەوان کێڵگەکانیان دەکەوێتە ناوچە لادێییەکان، هەروەها بەهۆی ئەوەش کە پێداویستییەکانی چوون بۆ خوێندنی باڵایان نیە، هیچ دابینکارێك ڕاهێنان لە ئاستی سەرپەرشتیاری پێشکەش ناکات (لەدوای قۆناغی دواناوەندی، پێش خوێندنی باڵا)، چونکە ئەو ئاستە "پیشەگەرییە" دەکەوێتە نێوان بوارە تەقلیدییەکانی فێرکردنی گشتی و خوێندنی باڵا.

## کەرتی بیناسازی

پیشەکانی دیوارکردن و بەردتاشی، کرێکارانی بیناسازی و شوفێرانی ئۆتۆمبێلی گەورە و لۆری، دارتاشی و بۆڕیچی و کرێکارانی کۆنکریت لە دە پیشە یەکەمەکانن لە عێراقدا. داتاکانی دابینکردنی کارامەییەکانی ئەم ڕاپۆرتە دەریدەخەن کە ڕاهێنان بۆ هیچ یەکێك لەم کارە پیشەییانە لە عێراقدا دەستەبەر نەکراوە؛ هەرچەند بۆ دارتاشی لە هەرێمی کوردستان پێشکەش دەکرێت.

لە عێراق و لە هەرێمی کوردستاندا، زۆربەی ڕاهێنانەکان لە ئاستی پیشەگەریی بواری بیناسازی (وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی پەروەردە) لەبارەی بەستانی کارەبایە، و بەشێوەیەکی گشتی، دوو لەسەر سێی تێکڕای دەرچووانی بواری پەیوەست بە بیناسازی (لەسەر هەموو ئاستەکان) لە عێراق و نیوەی دەرچووانی بواری پەیوەست بە بیناسازی (لەسەر هەموو ئاستەکان) لە هەرێمی کوردستان ئەوانەن کە لە بواری کارەبادا پسپۆڕییان هەیە. لە عێراق کاری کانزاکان (لەحیمکردن و تواندنەوە)، ئەندازەی شارستانی و ڕووپێوی دووەم گەورەترین دوو بوارن بۆ ڕاهێنان، و لە هەرێمی کوردستانیشدا دووەم گەورەترین بواری ڕاهێنان بۆ پیشەکانی بیناسازی بریتیە لە ڕووپێوی. ئەو بوارانەی کە کرێکاری کارامە و پیشەگەریان بۆ زۆربەی کارەکانی بیناسازی پێویستن بریتین (بەڵام سنوردار نەکراون) لە وەستایانی دیوار، کرێکارانی کۆنکریت، دارتاشان، وەستایانی بنمیچ، کاشیچییەکان، بۆڕیچییەکان، بۆیاغچییەکان، شوفێرانی ماشێنە گەورەکان، زەوی هەڵکەن و بەکاربەرانی ئامێرە گەورەکانی هەڵکەندن، سەروەستایان و سەرپەرشتیاران. ئەو پیشانە بە ژمارەی زۆر زیاتر لە ئەندازیارانی بیناسازی، ڕووپێوەکان، ئەندازیارانی تر و بەڕێوەبەرەکان پێویستن.

لەبەر ڕۆشنایی پێشبینیکردنی چالاکی گەورەی بیناسازی لە ئایندەیەکی نزیکدا، ڕاسپاردەی ئەوە دەکرێت کە ڕاهێنان بۆ ژمارەیەکی بەرفراوانتری پیشەکانی بیناسازی دابین بکرێت و پێشکەش بکرێت. بە تایبەتی بۆ پیشە نیمچە کارامەکان و پیشە کارامەکان. دەبێ پلاندانان هەرەمی هێزی کار لە بواری بیناسازیدا ڕەچاو بکات. هەموو پرۆژەیەکی بنیاسازی پێویستیی بە شارەزایی ژمارەیەکی کەم لە پیشەگەرانی ئاستی باڵا و ژمارەیەکی زۆر لە وەستاکاران و ژماریەکی زیاتریش لە کرێکارانی نیمچە کارامە هەیە.

## کەرتی میو انداری

بە ڕەچاوکردنی دامەزراوەکانی خواردن و خواردنەوە لەم کەرتەدا، یەکەمین دە پیشە لە ڕووپێوەکەدا بریتییە لە چێشتلێنەرەکان، هەویرکارەکان، پێشخزمەتەکان (گارسۆنەکان)، بەڕێوەبەرانی خواردنگە، کاشێرەکان و ستافی پاککردنەوەی نانەدین. ئەو پیشانەی کە لە بواری میوانخانەشدا لە دە خانەی یەکەمدان بریتین لە بەڕێوەبەرانی میوانخانە، پاسەوانانی ئاسایش، پێشوازیکاران، ستافی جلشۆری و پاککەرەوەکان.

داتا کۆکراوەکانی ئەم ڕاپۆرتە بۆ دابینکردنی کارامەییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە ڕاهێنانێکی زۆر کەم بۆ بازرگانیی خواردن و خواردنەوە دەستەبەرە؛ و ئەو ڕاهێنانە کەمەش کە بەردەستە بە شێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە ڕاهێنان لە ئاستێکی بەرز لە بواری گەشتوگوزار و بەڕێوەبردنی میوانخانەکان.

ڕووپێوی کارامەییە پێویستەکانی ئەم کەرتە لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەریدەخات کە پێویستییەکی کەمی هەستپێکراو بۆ باشترکردنی کارامەییەکان لە ئارادایە. سەبارەت بە زۆربەی ئەو پیشانەی ئاستیان نزمترە، خاوەنکارەکان ئاستی ڕەزامەندیی خۆیان لە کارامەییەکانی ستافەکەیان لە ئاستی گرنگبوونی کارامەییەکە بەرزتر دەبینن. خاوەنکاران لەسەر بنچینەی تەمەن و ڕەگەز و هەڵسوکەوتی کاتی چاوپێکەوتن کرێکارەکانیان هەڵدەبژێرن، و لێهاتوویی (واتە ڕاهێنان) بەقەدەر فاکتەرە دیمۆگرافی یان کۆمەڵایەتییەکان یان پێشینەی کرداری بە گرنگ دانانێن.

ئەو پێشبینییە کەمەی بۆ کارامەییەکانی ئەم کەرتە کراوە پشتگیری لە ئەدای بەهێزکراو ناکات بۆ گەیشتن بە ئاستی پێشبینییەکانی خزمەتگوزاری و ساخڵەمیی خۆراك یان چێژی گەشتیارە نێودەوڵەتییەکان.

**کەرتی زانیارییەکان و پەیوەندییەکان**

گەورەترین کەرتی لاوەکیی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندییەکان (ICT) لە عێراق بریتییە لە تۆڕەکانی پەیوەندیکردن و تەلەڤزیۆن.

کارامەیی ساڵانەی دابینکراو بۆ کەرتی (ICT) لە دامەزراوە فەرمییەکانی فێرکردن و ڕاهێنانی پیشەیی و تەکنیکی لەسەر هەموو ئاستەکان، لە 11,000 دەرچوو زیاترە. زۆرترین ڕێژەی دەرچوانیش بریتین لە دەرچووانی ئاستی نزمی چاککردنەوەی کۆمپیوتەر لە قوتابخانەکانی وەزارەتی پەروەردە و سەنتەرەکانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی. پرۆگرامەکانی تەکنەلۆجیای ئەلیکترۆنی دووەم گەورەترین کۆمەڵی دەرچووان پێکدەهێنێ؛ لە دوای ئەویش سیستەمەکانی کۆمپیوتەر و بەرنامەکانی تەکنەلۆجیای زانیارییەکان. کەمتر لە 1,000 دەرچووی ساڵانەش بۆ تۆڕەکان، داتابەیس، سۆفتوێر و پیشە میدیاییەکان بەرهەم دەهێنرێن.

بۆی هەیە کەمیی ژمارەی دەرچووانی تۆڕەکان، داتابەیس و سۆفتوێر هۆکاری سەرەکی بێت بۆ کەمیی ئەو پیشەیە لە هێزی کاردا، لەکاتێکدا کە واپێدەچێت کەڵێنێك لە هێزی کاری (ICT) لە عێراق لەم بوارانەدا هەبێت، و بەڵگە لە سەر خواستی کەرتەکە (کە لەلایەن ئەنجومەنی کەرتە تاقیکراوە جیاوازەکانەوە نوێنەرایەتیکراون) بۆ ئەو خزمەتگوزارییانە هەیە کە بۆ پێشکەشکردنیان ڕاهێنراون.

پێناچێت لێهاتوویە فەرمییەکان لەلایەن خاوەنکارانەوە بەهایەکی بەرزیان بۆ دانرابێت، و لێهاتووییەکان پێوەری بەرز نین بۆ مەرجەکانی دامەزراندن. سەرنجەکانی ئەنجومەنی کەرتی ئەزمونگەری ئاماژە بەوە دەدەن کە دەرچووان "بۆ کارکردن ئامادەنین"، و ڕەنگە ئەمەش هۆکارێك بێت لەپشت ئەوەی کە لێهاتووییەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە وەرگرتنی بڕیارەکانی تایبەت بە دامەزراندن ناگێڕن. وا دەخەملێنرێت کە خاوەنکاران لەو باوەڕەدا نین کە هەبوونی لێهاتوویی نابێتە هۆکار بۆ ئەوەی کارخوازێك بەهای زیاتر بێت لەو کەسەی کە لێهاتوویی فەرمی نییە. هەروەك لێهاتوویە فەرمییەکانیش نیشاندەر نین بۆ ئاستی پیشەیی لە کەرتەکەدا. داتاکانی ڕووپێوەکە دەریدەخەن کە کەسانی خاوەن ئاستێکی بەرزی لێهاتوویی فەرمی لە پۆستی ئاست نزمدا دەبیندرێن، بە پێچەوانەوەش ڕەنگە کەسانێك کە ئاستی لێهاتوویی فەرمیی نزمیان هەبێت پۆستێکی بەرپرسیارێتییان پڕ کردبێتەوە.

لە بوارێکی وەك ICT کە بەخێرایی گۆڕانکاری تێدا دەکرێت، دەبێ بەرنامەکانی خوێندن لە ماوەی کورتدا تازەبکرێنەوە (لایەنی کەم هەر 3 ساڵ جارێك) بۆ هێنانە ناوەوەی پێشڤەچوونی تازە و بەردەوامبوون لە گەیشتن بە پێداویستییە گەشەسەندووەکانی پیشەسازییەکە.

**کەرتی نافەرمی**

کەرتی نافەرمی گەورەترین خاوەنکارە لە عێراق، کە دەرفەتی کار و ژیان بۆ ملیۆنان کەس دەڕەخسێنێ. نزیکەی هەموو کارکەرانی کەرتی تایبەت لە کەرتی نافەرمیدا کاردەکەن.

تانوپۆی کەرتی نافەرمی لەگەڵ هەموو کەرتە ئابوورییەکان تێکەڵە، بۆیە بوارێکی دیاریکراوی بۆ ڕاهێنان نییە. لە عێراقدا هەموو مەرجەکان بۆ گەشەسەندنی کەرتی نافەرمی لەبارن، بۆیە دەکرێ پێشبینی بکرێت کە لە ئایندەی بەرچاویشدا گەشەی بەردەوام بێت.

هەرچەندە کارکردن لە کەرتی نافەرمی ڕەوشێکی کۆمەڵایەتی نزم و داهاتێکی ئابوریی نزمی هەیە، لەپاڵ خاڵە لاوازەکانی دیکەشدا، بەڵام سەرچاوەی ژیان بۆ ملیۆنان کەس لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەستەبەر دەکات، و بە خاڵی دەستپێك دادەنرێت بەرەو کەرتی فەرمی. زۆر کار هەن کە بە شێوەیەکی نافەرمی دەستپێدەکەن و هەرکاتێك سەرکەوتوو بوون خۆیان تۆماردەکەن.

لە کەرتی نافەرمیدا، ئەو لاوانەی ئاستی خوێندنیان نزمە و ئەو خەڵکەی بارودۆخی ناسەقامگیریان هەیە و خەڵکی ئاوارە، بە هێزەوە تێیدا دەردەکەون. دەبێت ئاستی پرۆگرامەکانی ڕاهێنان لەسەر کەرتە نافەرمییەکان ئەو لاوانە بە ئامانج بگرێت کە خوێندنی دواناوەندییان تەواو نەکردووە.

خولە زۆر کورتەکانی ڕاهێنان (کەمتر لە 6 مانگ) نابنە مایەی پەرەپێدانی ئەو کارامەییانەی کە بۆ دامەزراندن پێویستن. خولەکانی کورتی بواری کارامەییەکانی تواناکانی دامەزران (وەك کارامەییەکانی کۆمپیوتەر، داهێنان لەکاردا، زمانی ئینگلیزی) توانای دامەزراندنی لاوان زیاد ناکات، جگە لەو کارامەییە پیشەییانەی کە پێویستن بۆ چەند کەرتێکی دیاریکراو. بنچینەیەکی پتەو لە کارامەییە پیشەییە تەکنیکییەکان و کۆمەڵە کارامەییەکی تازەی دامەزراندنیش پێویستن.

**کەرتی بەرهەمهێنان**

گرفتی سەرەکیی ئەم کەرتە لەوەدایە کە توانای کێبڕکێی لەگەڵ بەرهەمە بیانییەکان نییە کە هەرزانترن. بەپێی یەکێتیی پیشەسازییەکانی عێراق، زۆر فاکتەر هەن بەشدارن لە بەرزبوونەوەی تێچووی بەرهەمی ناوخۆیی. لەوانەش شێوازی کۆن و بەسەرچوو لەگەڵ تەکنەلۆجیای کۆن، نەبوونی تازەگەری و نەبوونی شارەزایی. واپێدەچێت عێراق لە بەکۆمپیوتەرکردنی پرۆسەکان و پیادەکردنی شێوازە مۆدێرنەکان دواکەوتبێت. ئەو تەکنەلۆجیا و شێوازە تازانە دەبێ ببن بە بنچینەی پرۆگرامی گەشەپێدراوی تازە بۆ گەیشتن بە پێویستییەکانی پیشەسازی. پرۆفایلی چاوەڕوانکراوی ئەم کەرتە بریتییە لە کەمینەیەکی بچووک لە لێهاتوویە زانکۆییەکان و زۆرینەیەکی گەورە لە لێهاتوویە پیشەییەکان. یەکەمین دە پیشە لە نمونەی رووپێوەکە، لە پیشە کارگێڕییەکان زیادە هەبوو، و 26%ی نمونەی هێزی کارەکە لێهاتوویی زانکۆییان هەبوو. بۆیە، واپێدەچێت کە نمونەی هێزی کاری ئێستای بەرهەمهێنان لەوپەڕی قورسیدا بێت لە هەردوو رووی ژمارەی پیشەکان لە ئاستی کارگێڕی، و لێهاتوویی هێزی کاردا.

بەپێی داتاکانی دابینکردنی کارامەییەکان کە لە دامەزراوە گشتیەکانەوە لەسەر هەموو ئاستەکانی ئەم توێژینەوەیە وەرگیراونن، ئەوانەی دەرچووی خوێندنی زانکۆیی نین دوو هێندەی هەڵگرانی دیپلۆم و بڕوانامە کە لێهاتوویی پەیوەندیدار بە بەرهەمهێنانیان هەیە، دەچنە نێو بازاڕی کارەوە. ئەمە پێدەچێت لە ئاستی دابینکردنی کارامەییەکان بۆ ئەم کەرتە ناهەماهەنگییەکی بەرچاوبێت.

وا دەردەکەوێت کە کەڵێن لە کارامەییەکان سێ رەهەندی هەبێت: ئاست، پسپۆڕی و کارامەییەکانی شیاوبوون بۆ دامەزراندن. پێدەچێ زیادەیەکی لە رادەبەدەر لە ژمارەی دەرچووانی خوێندنی زانکۆیی بۆ کەرتە باڵاکان هەبێت، و رەنگە ئەگەری هەبوونی ژمارەی زیاد و سەرباریش هەبێت لە پسپۆڕان، بەجۆرێك کە راهێنانی تایبەت بە پیشەسازی (لەگەڵ بوونی پەیوەندیی پتەو لەنێوان راهێنان و کاردا) چاکتر بتوانێ خواستی بازاڕی کار پڕبکاتەوە.

تێچووی بەرزی بەرهەمهێنان لە عێراق، کە وایکردووە کۆمپانیاکانی ناوخۆ لە کێبڕکێ لەگەڵ وڵاتانی هاوسێدا قازانج نەکەن، پێدەچێت بەشێکی لە رێگەی هێنانی تەکنەلۆجیای مۆدێرنی بەکۆمپیوتەرکراو و هێزی کاری قەبارە بچووکترو خاوەن کارامەیی بەرزتر چارەسەربکرێت: بە هەبوونی کارامەیی تازەی شیاوبوون بۆ دامەزراندن وەکو بیرکردنەوەی داهێنەرانە، کارامەیی دیجیتاڵی، کارامەییەکانی فێربوونی بەردەوام و زمانە بیانییەکان. دەبێ ئەوانەی فێرکردن و راهێنان دەستەبەر دەکەن دڵنیا بن لەوەی دەرچووەکانیان ئەو کارامەییانەیان هەیە.

**کەرتی گواستنەوە و کۆگاییکردن**

بە گشتی، پێدەچێت خاوەنکارانی بەشدار لە رووپێوەکە بەشێوەیەکی رێژەیی لە کارامەیی ستافی خۆیان رازی بن، و سەبارەت بە هەندێ پیشە، کارامەییەکانی ستاف بەشێوەیەکی بەرچاو زۆرترە لە پێشبینییەکانیان. رەنگە پێشبینییە نزمەکان ئاماژە بێت بۆ ئەوەی کە پێداویستی و پێشبینیی کەرتەکە لە قۆناغێکی پاشەکشێدا بووبن. سەرەڕای ئەوەی خاوەنکارانی گواستنەوە و کۆگاییکردن بەشێوەیەکی گشتی لە کارامەییەکانی ستافی خۆیان لە ماوەی پاشەکشێدا رازی بوونە، رەنگە پێشبینییەکانیان لەگەڵ باشتربوونی باری ئابووری و فەراهەمکردنی رێگەی بازرگانیی تازە و پەیوەندییە بازرگانییەکان، بەرزبێتەوە.

فێرکردن و راهێنانێکی زۆر لەسەر بنچینەی دامەزراوەیی بۆ کەرتی گواستنەوە لە ئاستی خوێندنی زانکۆیی پێشکەشدەکرێت، لە کاتێکدا کە زۆربەی پیشەکان ئەوانەی دەکەونە سەرەوەی لیستی کارەکانی ئەم کەرتە لە رووپێوەکە بریتین لە پیشەی پیشەگەرانەی کارامە و نیمچە کارامە. لەبەر ئەوەی زۆربەی کەرتی گواستنەوە لە دەستی کەرتی تایبەتدایە، رەنگە چاوەڕوانبکرێت هەر کەڵێنێك لە دابینکردنی کارامەییەکاندا لە رێگەی راهێنان "لەکاتی کاردا" پڕبکرێتەوە، بەڵام ئەم راپۆرتە دەریدەخات کە تەنیا 29%ی کۆمپانیا رووپێوکراوەکان لە پێنج ساڵی دوواییدا راهێنانیان پێشکەشکردووە.

بۆ بەرسڤدانەوەی ئەنجامەکانی ئەم راپۆرتە، پێویستە پێشکەشکارانی خزمەتگوزارییەکانی فێرکردن و راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی لە عێراق بیر لە دابینکردنی راهێنان بکەنەوە لەسەر بنچینەی شیاوبوون بۆ ئەو پیشەیانەی کەوا ئێستا راهێنانیان بۆ دەستەبەر نییە (وەکو شوفێرانی ماشێنە قورسەکان و بەکارخەرانی کارگە قورسەکان) و راهێنان بۆ ئەو بوارانەی کە نیازی روون بۆ بەکرێگرتنیان هەیە، وەکو کۆگاییکردن، و راهێنان لەسەر کاری ئاست نزمتری "بەڕێوەبردنی کاڵاکان" وەك پیشەی نووسەری بابەتە کۆگاییکراوەکان و گوێزەرانی بار و شتومەك لەخۆی بگرێت. بۆ هەموو پیشەکانی گواستنەوە، لەوانەش شوفێرانی تاکسی، گەیەنەرانی گواستنەوە و نووسەرانی راگواستن، راهێنان لەسەر تەکنەلۆجیا دیجیتاڵییەکانی وەکو GPS و زمانە بیانییەکان بەسوود دەبێت.

**کەرتی بازرگانیکردن بە کۆ و بە تاك**

تەنیا 32% ی رێژەی دەرچووان بۆ خزمەتگوزاری و فرۆشتن لە کەرتی تاك فرۆشیدا ئامادەکراون، لەگەڵ ئەوەی کە گەورەترین کەرتی

لاوەکییە لە رووی ژمارەی کۆمپانیاکانەوە، و هەر هەموو ئەوانە ئەو کەسانەن کە قوتابخانەیان جێهێشتووە و خولی راهێنانیان لە بازرگانیدا بینیوە. کەمتر لە 20% ئامادەن بۆ چاکردنەوەی ماشێنەکان، و زۆربەشیان ئەوانەن کە قوتابخانەیان جێهێشتووە یان دەرچووانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتین، لەگەڵ هەندێك راهێنانی زانکۆیی لە بواری میکانیك لە هەرێمی کوردستاندا.

تەنیا 3%ی دەرچووان بە دیاریکراوی بۆ ئەنجامدانی کاری رێکلام و بازاڕگەری ئامادە کراون. لە ناوەڕۆکی ئەم شیکردنەوەیەدا، وا پێدەچێت کەلێنێکی راستەقینە لە دابینکردنی دەرچووان هەبێت، چونکە بەڕێوەبەرانی فرۆشتن و بازاڕگەری لە نێو دە پیشەی یەکەمی کارکەری دا دەردەکەون لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2017، و ئەمە بوارێکە کە ئەنجومەنی کەرتی ئەزمونگەری فرۆشتنی تاك و کۆ زیاترین دەرفەتی بۆ گەشەسەندن و زیادبوونی توانای کێبڕکێی ئەم کەرتەی تێدا دەبینن.

لەگەڵ ئەوەشدا کە بەشدارانی رووپێوەکە لە عێراق هیچ کەلێنێکیان لە کارامەییانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە، فێربوونی بەردەوام، تەکنەلۆجیای دیجیتال یان زمانە بێگانەکان دیاری نەکردووە، ئەو بوارانەی کارامەیی زۆر بە چڕی لە هەرێمی کوردستان دەستنیشانکراون و پێدەچێ ئەمە زۆر بە ئاراستە جیهانییەکانی بازرگانیی بە کۆ و بە تاك پەیوەندیدار بێت، و روانینی ئەنجومەنی ئەزمونگەری کەرتەکە وایە کە کەرتەکە توانای کێبەرکێی زیاتری دەبێت بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ بۆ بازاڕگەریی بەرهەمەکان بۆ بەکاربەران کە پێویستییان بەوە هەیە فێر بکرێن بۆ بە چاکتردانانی کاڵای خۆماڵی کەوا کواڵێتییەکەی باشتر بێت. لە هەرێمی کوردستان زمانی بیانی بایەخێکی تەواوی هەیە چونکە خەڵکێکی زۆر لەوێ عەرەبی یان ئینگلیزی قسە ناکەن. وادەردەکەوێ کە بۆ سەرکەوتنی بازرگانی گرنگە توانای بەکارهێنانی زمانە سەرەکییەکانی ناوچەکە و ئینتەرنێتی هەبێت.

**پرۆگرامی چاکسازیی فێرکردن و راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی لە عێراق و هەرێمی کوردستان**

ئۆفیسی یونسکۆ لە عێراق، لەبەر رۆشنایی پرۆگرامی چاکسازیی فێرکردن و راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی، پرۆگرامی راهێنانی نمونەیی لەسەر بنچینەی شیاوی داناوە بۆ بیناسازی (دیوارسازی، کۆنکریت و دارتاشی)؛ میوانداری (چێشتلێنەرو پێشخزمەت)؛ کشتوکاڵ (سامانی ئاژەڵ و دانەوێڵە)؛ فێنککردنەوە؛ بەستانی کارەبا؛ بایەخدان بە جەستە و قژ. بەرنامەیەکی کشتوکاڵی دیزاینکراوە (لە دهۆك تاقیکراوە) بە شێوەیەکی ناوازە بۆ پیشەسازیی کشتوکاڵیی ناوخۆ لە کەرتی نافەرمیدا. هەموو پرۆگرامەکان لایەنی کەم ماوەیان شەش مانگە. هەموویان پشت بە ستانداردە پیشەییەکان دەبەستن و کارامەییە تازەکانی شیاوبوون بۆ دامەزراندن لەخۆ دەگرن لەپاڵ کارامەییە تەکنیکییەکان بۆ پیشە دیاریکراوەکان. رەنگە ئەم پرۆگرامە تازە دانراوانە لەلایەن دابینکارەکانی راهێنان بەکاربێن و دەکرێت ببنە نمونە بۆ پەرەپێدانی راهێنان بۆ پیشەی تر کە لە راپۆرتەکانی هەڵسەنگاندنی بازاڕی کار و شیکردنەوەی کارامەییەکاندا رۆشناییان خراوەتە سەر.